Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.2.4

# جیهانی نەست وەک بنەمایەکی سوریالیزمی لە دەقی شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)ی سەباح ڕەنجدەردا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Sharmen Ibrahim Azeez
shrmen.azeez@su.edu.krd

RECEIVED :18 /10/2024
ACCEPTED :21/05/ 2025
PUBLISHED :15/04/ 2026

**شەرمین ئیبراهیم عەزیز /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

**پوختە**

سوریالیزم، وەک بزووتنەوەیەک کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خۆی ناساند، ئامانجی ڕزگارکردنی بیرکردنەوە و زمان و ئەزموونی مرۆڤ لە سنووری عەقڵگەراییدا بوویە. لە کاتێکدا کە لە ئەوروپا دەستی پێکردووە، کاریگەرییەکەی لە ئاستی جیهانیدا لە کولتوور و نەریتە ئەدەبییە جیاوازەکاندا پەرەی سەندووە، ئەدەبیاتی کوردیش، بەتایبەتی ژانرێکی وەک شیعر بە مێژووە دەوڵەمەندەکەی و شوناسە زمانەوانی و کولتوورییە جیاوازەکەیەوە، لە چوارچێوەی ئەم بزووتنەوەیە بێبەش نەبووە، بەڵکو تارادەیەکی باش پەیڕەویکردووە، ئەوەتا شیعری (١٩٦٥/١١/١٨) ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، بەوەی دیمەنێکی ئاڵۆزی وێنەسازی دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ ئەدگار و بنەما سوریالیزمیەکاندا تا ڕادەیەکی باش هاوتەریبە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دەستنیشانکردنی ئەدگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزمە لە ئەدەب، بەتایبەتی لە شیعردا و دواتر دۆزینەوە و شیکرنەوەی ئەو ئەدگارییانە لە دەقە شیعرییەکەی سەباح ڕەنجدەردا. لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی (وەسفی -شیکاری) پەیڕەوکراوە، لە سەرەتادا ئەدگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم تێدا خراوەتەڕوو و دواتر ئەو ئەدگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم لە دەقە شیعرییەکەی (سەباح ڕەنجدەر)دا دۆزراوەتەوە و شیکراوەتەوە.شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی داهێنەرانەی لە زمان، جیهانی نەست و خەون، ئەدگارەکانی سوریالیزمدا سوودی وەرگرتووە و گونجاندوویەتی بۆ خستنەڕووی دیدگا و ئەزموونە ناوازەکانی. هەروەها وەک یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی قۆناغی ئەمرۆی شیعری کوردی، گرنگییەکی زۆری بە جیهانی نەست و خەون لە دەقە شیعرەکەییدا داوە و توانیوویەتی ئەدگارەکانی سوریالیزمیش لەو دەقە بەرجەستە بکات.

**وشە سەرەکییەکان:**
سوریالیزم،
نەست،
خەون،
سەباح ڕەنجدەر،
سەرووی واقیع

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**١-پێشەکی**

جیهانی نەست، شوێنگەی پێگەیاندن و هێنانە پێشەوەی خەون و وێنە و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و داهێنانە. جیهانی خەونیش، سەرچاوەیەکی باشی تاکە بۆ دەستخستنی مەعریفە؛ بۆیە دەکرێت بڵێین خەون بنەمای نەست و ڕەهەندەکانییەتی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی شاعیردا گەڵاڵە دەبێت و پاشان لە نەستی ئەودا بە شاراوەیی جێگیر دەبێت، لە دوای قۆناغدا هەستی شاعیر ڕۆڵی ئاراستەکردن و بەرجەستەکردنی خەون و نەستی ئەو دەگێڕێت و لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستەیان دەکات.

**١-١-ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە جیهانی نەست وەک بنەمایەکی سوریالیزمی لە دەقی شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)ی سەباح ڕەنجدەردا.

**١-٢- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (وەسفی -شیکاری) پەیڕەو کراوە، لە سەرەتادا ئەدگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم تێدا خراوەتەڕوو و دواتر ئەو ئەگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم لە دەقە شیعرییەکەی (سەباح ڕەنجدەر)دا دۆزراوەتەوە و شیکراوەتەوە.

**١-٣-ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، دەستنیشانکردنی ئەدگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزمە لە ئەدەب، بەتایبەتی لە شیعردا و دواتر دۆزینەوە و شیکرنەوەی ئەو ئەدگارییانە لە دەقە شیعرییەکەی سەباح ڕەنجدەر دا.

**١-٤-سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەقی شیعریی (١٩٦٥/١١/١٨)ی سەباح ڕەنجدەر، کە لە نامیلکە شیعریی بەناونیشانی (سەرەتا وشەبوو) هەڵمانبژاردووە، کە لە ساڵی (٢٠٢٠) چاپکراوە.

**١-٥-هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:**

لەبەر ئەوەی (ڕەنجدەر) وەکو شاعیرێکی نوێخوازیی کوردی، خاوەن چەندین دیوانی شیعرە و ئەزموونێکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەکو سوریالیزمێکیش ناسراوە، لەچوارچێوەی جیهانی نەست و خەون، دەتوانرێت ڕووبەر و پانتایی ئەدگارەکانی سوریالیزم لە تێگەیشتنی (ڕەنجدەر) بۆ دەقە شیعرییەکان بدۆزرێتەوە، بۆیە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو دوو جیهانەی سوریالیزممان وەرگرتووە، لەسەر ئەو دەقە شیعرییە کارمانکردووە، هەروەها نەبوونی هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی تا ئێستا لەسەر ئەو دەقە شیعرییەی شاعیر.

**١-٦-گریمانەی توێژینەوەکە:**

لەو بابەت و تەوەرانەی پێکهاتەی توێژینەوەکە پێکدێنن، گریمانەی ئەوە دەکرێت، بابەتی جیهانی نەست و خەونەکان لە دەقە شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)دا، لە پاڵ هەبوونی وێکچوون و هاوبەشی لەگەڵ دەقە شیعرییەکانی پێشووتری، لایەنی جیاواز و داهێنان و تێڕوانینی تازە لەو دەقە شیعرییەدا دەستنیشان بکرێت.

**١-٧-پرسیاری توێژینەوەکە:**

١-ئایا ئەو ئەدگار و بنەمایانە کە لە سوریالیزم دەرکەوتن و بوون بە ئەدگار و بنەما بۆ ئەدەبیاتی جیهانی، لە نێویشیاندا

ئەدەبی کوردی بوونیان هەیە؟
٢-ئایا ئەو ئەدگار و بنەمایانە، کە لە سوریالیزمدا چەسپاون، لە دەقە شیعرییەکەی سەباح ڕەنجدەر دەرکەوتوون و نموونەیان لێ دەستدەکەوێ؟
٣-ئایا ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی جیهانی نەست و خەونەکان لەو دەقە شیعرییەی شاعیر چۆنە و لە چ ئاستێکدایە؟

**١-٨--پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو:**
١-کتێبەکەی حەمە مەنتک، بەناونیشانی (سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا)، لە ساڵی (٢٠١١) بڵاوکراوەتەوە. نووسەر باسی دووەمی لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا بۆ سەباح ڕەنجدەر تەرخانکردووە، لەئەوێدا کاری لەسەر مانیفێستەکەی و شیعری (زێوان) و (خەون وا خۆی گێڕایەوە) لەگەڵ شیعری وێنەیی لە ئەزموون سەباح ڕەنجدەردا کردووە.
٢- کتێبەکەی (سرور حسن محمد)، بەناونیشانی (ملامح سريالية في شعر أدونيس و صباح رنجدر)، لە ساڵی (٢٠١٣) بڵاکراوەتەوە، ئەو کتێبە لە بنچینەدا نامەی ماستەرە، وەکو لە ناونیشانەکەی دیارە کاری لەسەر ئەدگارەکانی سوریالیزم لە شیعرەکانی دوو شاعیردا کردووە، کە یەکێکیان ئەدۆنیسیە ئەوی دیکەیان سەباح ڕەنجدەرە. لێکۆڵینەوەیەکی بەراووردکارییە، سنووری توێژینەوەکەی ئەو شیعرانەی ڕەنجدەری لە خۆگرتووە، کە تا ساڵی ( ٢٠٠٨)ە.
٣-کتێبەکەی (فازیل شەوڕۆ) ، بەناونیشانی (ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا)، لە ساڵی (٢٠١٤) بڵاوکراوەتەوە. بەشی پێنجەمی کتێبەکە بەناونیشانی (خەون لە شیعری سوریالیزمی کوردیدا)دایە، لەوێدا نووسەر بە هەمان شێوەی حەمە مەنتک باسی لە مانیفێستەکەی کردووە و چەند دەقێک وەک نموونە لە دیوانی (خەون وا خۆی گێڕایەوە) وەرگرتووە.

**١-٩-پلانی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە:
١-سوریالیزم و جیهانی نەست و خەونەکان، کە سێ بابەت لە خۆ دەگرێت، ئەوانیش: (چەمک و پێناسەی سوریالیزم، ئەدگارەکانی سوریالیزم، جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم).
٢-ڕەنگدانەوەی جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم لە دەقی شیعریی (١٩٦٥/١١/١٨)ی سەباح ڕەنجدەردا.
لە کۆتاییشدا ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی تۆمارکراوە.

**١-سوریالیزم و جیهانی نەست و خەونەکان :**
**١-١- چەمک و پێناسەی سوریالیزم:**
سەرەتا پێش ئەوەی سوریالیزم وەک بزاڤێکی هونەری و ئەدەبی بناسێنین، پێویستە خودی زاراوەکە بناسین، سوریالیزم لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: وشەی ( sur ) کە بەواتای سەر، یان سەرەوە دێت، ئەمە بەشی یەکەمی، بەشی دووەمی لە (realism) ڕیالیزم پێکهاتووە، بە واتای واقیع دێت. کەواتە وشەکە مانای لە کوردیدا دەبێتە (سەرووی واقیع)، یان (بان واقیع) (مەنتک:٢٠١١: ٧). کەواتە دەتوانرێ بوترێ کە مەبەست لە واقیعیەتێکە لە ویژدا نی نەستی ئێمەدایە و تەنیا لە ڕێگەی ورێنە و خەون و بەرهەمە هونەرییەکان دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت (شەمیسا: ٢٠١٨: ٢٨ ). بەکارهێنانی سوریالیزم بۆ یەکەمجار وەکو زاراوەیەک لەلایەن شاعیری فەڕەنسیی گیوم ئاپۆلێنەر بەکارهاتووە و بە مانای سەروی واقیع ەوە دێت (حوسێن: ٢٠٠٧: ٢١٧) .
(ئاندرێ بریتۆن) کە دامەزرێنەری ئەو بزوتنەوەیە، لە مانفێستەکەیدا سەبارەت بە سوریالیزم تیایدا جەختی لەسەر ئۆتۆماتیزم کردۆتەوە، وەک میتۆدێکی دەربڕینی داهێنەرانە و دوور لە کۆنترۆڵی هۆشیارانە. (مایکڵ ڕیچاردسۆنیش) لە کتێبیSurrealism: Key Concepts دا ڕوونی دەکاتەوە کە سوریالیزم تەنها شێوازێکی هونەری نییە، بەڵکو شێوازێکە بۆ هەستکردن بە جیهان، کە سنوورەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ تێیدا کاڵ دەبنەوە Fijalkowski And

( Richardson: 2016: 131–132).

له کایەی ئەدەبییدا سوریالیزم هەوڵی تێپەڕاندنی عەقڵگەرایی و بیری هۆشیارانە دەدات. ئەمەش زیاتر لەلایەن (ماری ئان کاوسەوە) لە کتێبی (The Surrealist Look)دا وردتر دەکرێتەوە، کە تێیدا بەدواداچوون بۆ بەکارهێنانی سوریالیزم دەکات، وەک ئامرازێک بۆ گەڕان بەدوای چینە شاراوەکانی دەروون و ئاشکراکردنی ڕاستییە قووڵترەکان لەڕێگەی ناعەقڵگەرایی و وێنەگرتنی خەونەکانەوە (Caws:2019: 3–4).

لێرەدا هەوڵدەدەین، چەند پێناسەیەکی کورت و پوخت بخەینەڕوو:

١–قوتابخانەیەکی ناسراوی نێوەندی ئەدەبیین و کاری گەورەیان ئەوە بوو، کە لە زمانی باو لابدەن و بەشێوەی هونەر مەعقوڵییەت بە شتی نامەعقوڵ بدەن (ساڵح: ٢٠١٦: ١٠).

٢–سوریالیزم زمانحاڵی بارگرژییەکانی دنیای تازەیە. بانگەوازی یاخی بوونە. هاواری ناڕەزایی سەدەی بیستەمە لە هەمبەر سەنگەلاییەکانی شارستانیەتی تازە (حسەینی: ٢٠٠٦: ٢١٦).

٤–ئەو بزووتنەوەیە بوو، کە ئامانجی گۆڕینی ژیان بوو لە واقیعەوە بۆ سوپەر واقیع لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە بەمەش پشتیان بە نەست بەست و وەکو پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی ژیان (مەنتک: ٢٠١١: ٩).

٥–سوریالیزم سەربەستکردنی خەیاڵ و دوور لە عەقڵگەرایی و دژی زەمەنە (عەبدوڵلا:٢٠١٣: ٢٧).

لەمیانەی خستنەڕووی ئەم پێناسەیانە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە سوریالیزم وەک بزووتنەوەیەک کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا خۆی ناساند، ئامانجی ڕزگارکردنی بیرکردنەوە و زمان و ئەزموونی مرۆڤ بوو لە سنووری عەقڵگەراییدا.

**١–٢– ئەدگارەکانی سوریالیزم**

هەر ڕێباز و بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی بگرە، دەبیینین خودان خاسیەت و ئەدگاری تایبەتە، چ لەڕووی ڕۆخسارەوە، یان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێت. دیارە سوریالیزمیش لەو چوارچێوەیە دەرنەچووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین، ئەم ڕێبازە جیا لە ڕێبازەکانی دیکەی پێشخۆی، تاڕادەیەکی باش هەردوو لایەنیان تێکەڵ بەیەکتری کردووە، لێرەدا بە چەند خاڵێک ئاماژە بەو ئەدگارانە دەکەین:

١ –پابەند نەبوون بە خاڵبەندی، خاڵبەندی یەکێکە لەو بنەما تازانەی، کە شیعری نوێ هێنایە کایەوە، کەچی سوریالیزمەکان پشتگۆیان خست و بە هیچ جۆرێک بەکاریان نەدەهێنا، بگرە بە جۆرێک لە تەکنیکیان دەزانی (هەڵمەت: ٢٠١٠: ٩٤).

٢ –بەکارهێنانی هونەری لێکچوواندن، سوریالیزمەکان لە شیعردا ئەم هونەرەیان بە شێوازێکی دیکەی جیاواز لە هی پێش خۆیان بەکاردەهێنا. واتە: ئەوان دەهاتن شتێکیان بە شتێکی دیکە دەچواند، کە لە واقیعدا لەگەڵ یەکتری نەدەگونجان و سیفەتەکەشیان لەگەڵ یەکتر یەکیانگیر نەبوو (هەڵمەت: ٢٠١٠: ٩٤).

٣ –داهێنانی شیعری وێنەیی، سوریالیزمەکان پێداگرییان لەوەدا کرد، کە لە دەقە شیعرییەکاندا هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین وێنە بدەن، وێنەگەلێک کە لۆژیک و چەمەک نەیپرژێنێت، کە لێکدییەوە نزیک بن، یان تەواوکەری یەکدیبن (هەڵمەت: ٢٠١٠: ٩٤).

٤ –لەبواری شیعر و ئەدەبدا، سوریالیزمەکان هەموو دەربڕینە سووا و ڕیتمەکانی پێشوویان فەرامۆشکرد و هەوڵیان دا هێز و کاریگەریی وشە و وێنە شیعرییەکان بخەنەگەڕ (بەکر: ٢٠٠٤: ٢٧).

٥ –تێکدانی بنەما زمانییەکان و یاریکردن لەگەڵ وشەدا، خاسیەتێکی دیاری سوریالیزمەکانە، ئەوانیش بە مەبەستی داهێنان و گەیشتن بە سەرووی واقیع و پشتکردنە لۆژیک، ئەم کارەیان ئەنجامدا. ئەویش بەکاربردنی ڕێڕەو بۆ دابڕینی وشە لە واتا ئاساییەکەی خۆیدا.

٦ –ڕەتکردنەوەی واقیعی ڕاستەقینە، سوریالیزمەکان واقیعی ڕاستەقینەیان ڕەتدەکردەوە و بەدوای جیهانێکی خەیاڵیدا دەگەڕان، کە لەسەر لەنوێ بە ڕامانێکی بنیاتی بنێنەوە، لەم ڕووەوەش توانیان باس لە زۆر شت بکەن و پەیوەندی

نێوان شتەکان دەربڕن، کە دوور و نزیک پەیوەندیان پێکەوە نییە، یان بە دەستەواژەی دی دەتوانین بڵێین موستەحیل، یان ڕەتدەکردەوە. (حوسێن: ٢٠٠٧: ٢٢٢).

٧ -بابەتی شیعرەکانیان زیاتر دوان بوو لە حاڵەتە ناوێزەکان و نەخۆشی و تاوان و شێتی ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە دەبووایە دەرچوون، بووایە لە حاڵەتی هەست و مەسەلە باوەکان، بەڵکو زیاتر دەربڕینی حاڵەتی نەست بوو، هەروەها هیچ گرینگییەکی ئەوتۆیان بە وەسفی دەرەکی نەدەدا، بەهۆی دووری لە دەروونەوە، ئەمەش هەر گەڕانەوە بوو بۆ تیۆرەکانی فرۆید لە بواری دەروونشیکاریدا (حوسێن: ٢٠٠٧: ٢٢٢).

٨ -یاریکردن لەگەڵ زەمەن و ماناکانی زەمەن: (ئایندە، ئەو ڕابردووەی لە ئێستادا درێژەی هەیە، بەڵام تەنیا لەلایەن ئێمەوە تەعبیری لێ دەکرێ، ئەمەش لەبەر مەسەلەی مەرگ) (عومەر: ٢٠١٢: ١٦٠).

٩-سوریالیزمەکان دەیانویست لەڕێگەی یاخیبوون و بێ ئومێدی و ڕەشبینی وراکردن لەو واقیعە، دنیایەک بۆ خۆیان دروست بکەن، کە پاک و بێگەرد بێت (ساڵح: ٢٠٠٣: ٩).

١٠-خۆشەویستی یەکێک لەو بابەتە گرنگ و جوانانە بوو، کە لەنێو شیعرەکانی سوریالیزمەکان بە زمانی قووڵ و سادە و ڕۆشن، بەتایبەتی لە ساڵەکانی شەڕ و جەنگدا دەنووسرا (حەسەن: ٢٠١٢: ١١٠).

**١-٣-جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم:**

جیهانی نەست و خەونەکان دوو جیهانن، کە سوریالیزمەکان کردوویانە بە بنەمای ڕێبازەکەیان، بۆیە لێرەدا ئێمە تیشک دەخەینە لەسەر ئەو لێکەوتانەی، کە نەست و خەون لەسەر ڕێبازی سوریالیزمی بەجێهشتووە. لەبەر ئەوەی جیهانی نەست بۆ تە بنەمایەکی سەرەکی سوریالیزمەکان؛ بۆ دەربڕینی بیروبۆچونیان پەنایان بردۆتە بەری، هەر بۆیەش خۆیان بەدوور دەگرن لە دیاردە و بینراوە هەستپێکراوەکان، لەو بابەت و ناوەرۆکانە نزیکدەبنەوە، کە لە جیهانی نەستدا دەرەکی پێدەکەن، لەبەر ئەوەشە سوریالیزمەکان بڕوای خۆیان هاوشانی تیۆرەکانی (فرۆید) دەکەنەوە، بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکە و ئەندێشەکانیان (جاسم:٢٠١٠: ١٦١).

**١-٣-١-جیهانی نەست:**

تیۆرەکانی فرۆید سەبارەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان و نەست، کتێبی لێکدانەوەی خەونەکان کاریگەری دیاری لەسەر دەروونی مرۆڤ بەگشتی و هونەرمەندان بەتایبەتی بەجێهێشتووە، بەتایبەت ئەو شیکردنەوانەی، کە لەسەر خەون و نەست و چەپاندن و ئازادکردنی ئارەزووەکان لە دەروونی مرۆڤدا ئەنجامیدان. لەم سۆنگەیەوە سوریالیزمەکان بە تەواوی پێی کاریگەربوون و لەکاتی نووسینی بەرهەمەکانیاندا پشتیان پێ دەبەست، بەتایبەتی بە نەست، ئەمەش بووە هۆکارێکی گرینگی سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزم، چونکە تاڕادەیەکی باش بنەما تیۆرییەکانی لە ناو دەستوور و پرۆگرامی ئەم ڕێبازە ڕەنگی داوەتەوە (مەنتک:٢٠١١: ٢٠). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە سەرهەڵدانی سوریالیزم ڕێکەوتی ئەو قۆناغە بوو، کە تیۆرییە دەروونشیکارییەکانی (سیگموند فرۆید) دەربارەی هەست و نەست، بە تەواوی هزری خەڵکیان پێوە سەرقاڵ کردبوو. (ئەندرێ بریتۆن و ئاراگۆن)، کە هەردووکیان وەکو (فرۆید) پزیشکی نەخۆشییە دەروونییەکان بوون، سوودیان لە لێکۆڵینەوەکانی فرۆید وەرگرت و بنەمای ڕێبازە تازەکەی خۆیان لەسەر چالاکی نەست دامەزراند (حسەینی: ٢٠٠٦: ٢٢٠)، تەنانەت خودی (ئەندرێ بریتۆن) لە مانیفێستەکەیدا ئاماژە بە گرینگی تیۆرییەکەی (فرۆید) دەکات و دەڵێت: ((توێژینەوە و شیکارە دەروونییەکانی فرۆید دەرفەتێکی ئەوتۆن بۆ تیشک خستنە سەر جیهانی نائاگایی و بەشێکە لە جیهانی هۆش و ئاوەز، ئەو بەشەی کە لای منەوە وەلانراوە و فەرامۆشکراوە، لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکییە و دواجار دەکرێت لەو دۆزینەوەیەدا سوپاسی فرۆید بکەین)) (جاسم: ٢٠١٠: ١٦٠).

ئەم گرینگیدانەش بە نائاگایی و پەردە هەڵماڵیین لەسەر نهێنییە شاراوەکاندا لای سوریالیزمەکان، بۆ تیۆری (فرۆید) بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە، کە ئەو ئەقڵی مرۆڤی دابەشی لەسەر سێ جیهانی جیاواز کردبوو، ئەوانیش: هەست و پێش

هەست و نەست. جگە لەمەش (فرۆید) کەسایەتی مرۆڤی دابەشی لە سەر سێ بەش کردبوو، ئەوانیش: من، منی باڵا، ئەو. ئێمە لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر هەردوو بەشی من و ئەو دەکەینەوە، چونکە هەر یەکێک لەو بەشانە سەر بە جیهانێکی جیاوازە و کارایە تێدا، بۆ نموونە بەشی من دەکەوێتە جیهانی هەست و کار لەسەر جیهانی دەرەوە دەکات، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ واقیع دەگونجێت، سوریالیزمەکانیش باوەڕیان بە واقیعی خۆیان هەبوو، ئەو واقیعەی خودی خۆیان تێدا دەدۆزیەوە و کاریان تێدا دەکرد، چونکە ((پاڵەوانی دەقی سوریالی کەسایەتییەکی مەیدانی و جیهانی تایبەتی خۆیەتی و کۆمەڵگەیەکی فانی دروست دەکات)) (دوین: ١٩٩٧: ٢٩). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە سوریالیزمەکان لەو ڕوانگەیەوە سوودیان لە بیر و بۆچوونەکانی فرۆید وەرگرتووە.

بەشی ئەوش دەکەوێتە جیهانی نەست، کە سەرچاوەی ڕەمەکەکانە، ئامانجیشی تێرکردنی هەموو ئەو ئارەزووانەیە بە هەر شێوەیەک لە شێوەکاندا بێت، چونکە ئەم بەشەڕەتکردنەوەی واقیع و کۆمەڵ و سیستەمی سروشتی و بەڕەلاکردنی حەز و ئارەزووەکان و ژیانێکی نائومێدی و تاریکی بێ سنوور و بەڕەڵلا، واتە بارە دەروونییەکانی خەراب لە مرۆڤدا وەک شلەژان، کئابە، یاس، هیستریا، شێتی مەزنایەتی، دڵەڕاوکێی، وەسواسی هەمووی لەلایەن "Id" ئاراستەدەکرێ و تاکەکەس بەرەو سەرشێتی دەبات (دوین: ١٩٩٧: ٤٠)، لێرەدا ئەو بەشە وەک بارێکی سایکۆلۆژی تەماشادەکرێت، بەڵام لای سوریالیزمەکان وەک چەمکێکی فەلسەفی لێکدەدرێتەوە، جەخت لەو پەیوەندییە دەکەنەوە، کە لەنێوان خەون و جیهانی نەستدا هەیە، چونکە سوریالیزمەکان لەڕێگەی خەون و جیهانی نەستەوە شتەکان دەردەبڕن و خۆیان لە جیهانی هەست و واقیعدا دوور دەخەنەوە، هەر بۆیەشە بۆتە بنەمایەکی سەرەکی ڕێبازەکەیان.

جیهانی نەست و خەونەکان بۆ سوریالیزم گرینگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە خەون و نەست و خەیاڵ بۆ سوریالیزم، بریتییە لە کانگای وێنە و خەیاڵ، کە لە ڕێگای کۆمەڵێک شێوازی نووسین و تەکنیکەوە دەربڕینی پێوە دەکات. ڕێگاش بە قەڵەم دەدات لە کاتی زیندە خەوی و نیوە هۆشیاری بۆ خۆی بجووڵێتەوە، شێوازێکە لە کۆنترۆڵ نەکردنی بیرکردنەوە و ئازادکردنی توانا شاراوە و چاوەڕوان نەکراوەکانە (عومەر:٢٠١٢: ١٦٠).

لە جیهانی نەستدا زەمینەسازییەکی باشکراوە، بۆ ئەوەی شاعیری سوریالیزمی بتوانێت، خەونەکانی کۆبکاتەوە و لە چوارچێوەی دەقی شیعریی بەرجەستەیان بکات، چونکە نەست کاریگەرییەکانی خۆی کۆدەکاتەوە لە لەرزەی نووسین و واقیعی نووسیندا دێنە ناو ئاگاداری و دەبنە بوونێکی وشیار (ڕەنجدەر:٢٠١٩: ٦١).

جیهانی نەست و خەونەکان بۆ سوریالیزمەکان، ئەو شوێنە فریاد ڕەس و ئارام بەخشەیە، کە دەتوانن شتەکانیان تێدا دەربڕن. بەمەش دوور دەکەونەوە لە جیهانی هەست و ڕواڵەتدا، هەر ئەمەش وایکرد؛ کە سوریالیزمەکان هەوڵ و تەقەلایان بۆ دەربڕین و داڕشتنی بەرهەمەکانیان پەنا ببەنەبەر جیهانی نەست، ئەمەش چ لەبواری شیعر نووسیندا بێت، یان لە تابلۆی هونەریدا بێت. دەبینین هونەرمەند خۆی لە ڕواڵەتی شتەکان دوور دەخاتەوە. ئەو شتانە دەردەبڕن، کە هونەرمەند لە جیهانی نەستدا دەرکیان پێدەکات. بۆیە دەبینین هونەرمەندێکی سوریالیزمی دەم و چاو بۆ سروشت دروست دەکات، یان هونەرمەند پەنا دەباتە بەر خەون بۆ داڕشتنی تابلۆکانی و گەڵێ شتی دیکە لەم بابەتە (ساڵەیی: ١٩٨٨: ١٢٦)، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هەموو هەوڵ و کۆششیان بۆ ئەوە بوو، کە نادیار و ون و شاراوە لە دیار هەڵبهێنجن لەوەی کەوا جێی باوەڕی خۆیان بوو. بۆیە لەو سۆنگەیەوە بۆ دەربڕین و وێنە دەرخستنی شتێک-جا لە تابلۆی هونەریدا بێت، یان لە وێنەی شیعریدا بێت-شتی دژواریان بەیەکتر دەردەبڕی (ساڵەیی: ١٩٩٨: ١٢٦).

جیهانی نەست بەلای سوریالیزمەکان کانگا و جەوهەری داهێنانە، ئەمەش بۆ (ئەندرێ برۆتۆن) دەرکەوت، کاتێک کاری لەسەر باری دەروونی ئەو سەربازانە دەکرد، کە لەژێر کاریگەری جەنگدا بێ هۆش ببوون. (برۆتۆن) هات میتۆدی دەروونشیکاری (فرۆید)ی بەکارهێنا و گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئازادکردنی جیهانی بێئاگایی چەند گرینگە بۆ دەربڕینی ڕاستەقینەی جیهانی ناوەوە، کە هۆش و عەقڵ و لۆژیک سەرکوتی دەکەن. ئەم دەربڕینەش ناودەنێت ئۆتۆماتیزمی پاک و بێگەردی دەروونی، کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندییەک لە نێوان بەشە ئازادەکانی ناوەوەی خۆی پێک بهێنێت، پاشان ڕاستەوخۆ ئۆتۆماتیزم دەریان دەبڕێت، ئەوجا بە نووسین بێت، یان قسەکردن بە ڕەنگ بێت، یان بە هێڵ، یان بەهەر جۆرێکی دیکە بێت، ئەمەش بەڕای (برۆتۆن) جەوهەری سوریالیزمە (گارا: ٢٠٠٥: ٣٤٤).

جیهانی نەست و خەونەکان، بۆ شاعیرە سوریالیزمەکان بەدیهێنەری ئامانجی سەرەکیان بۆ نووسینی شیعری ئۆتۆماتیکی بوو، چونکە لەسەر شاعیری سوریالیزمی پێویستە خۆی بخاتە حاڵەتی بێ ئاگایی و خۆی بە دوور بگرێت، لە جیهانی هەست و ئاگاییدا، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مەبەستەکەی دەربڕێت، پێش ئەوەی بەئاگا بێتەوە، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا سوریالیزم هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی بۆ ئەوەیە، کە سنورەکانی نێوان هەردوو جیهانی هەست و نەست بپچڕێنێت و نەهێڵێت، تاوەکو ئامانجەکەی خۆی بپێکێت. هەر سەبارەت بەم بابەتە وتەیەکی ئەندرێ بریتۆن هەیە، کە دەڵێت: ئومێدەوارم، کە سوریالیزم هیچ هەوڵێکی لەوە چاکتری نیشان نەدابێت، کە هەوڵیداوە دەرچەیەک بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە پەرش و بڵاوی جیهانی بێداری و خەون، واقیعی دەرەوە و ناوەوە، عەقڵ و شێتی، ئارامی و لەسەرخۆیی زانین و خۆشەویستی، ژیان بۆ ژیان و بۆ شۆڕش کۆبکاتەوە (کاروگ: ۱۹۷۳: ۲۰)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایە و بڵێین، سوریالیزمەکان هەنگاوەکانیان بەرەو جیهانی نەست و خەون بووە.

سوریالیزمەکان پێیانوابوو، ئەگەر بچنە ناو جیهانی نەست و خەونەکان، ئەوا لەژێر دەسەلات و سانسۆری عەقڵ و لۆژیک ڕزگاریان دەبێت، بەئاسانی دەتوانن ئارەزووە چەپێنراوەکان دەربڕن و بگەنە سەرووی ئەو واقیعەی، کە خۆیان عەوداڵینە و مەبەستی سەرەکی ڕێبازەکەیانە، هەربۆیەش (فرۆید) پێیوابوو، کە ئەم جیهانەی سوریالیزمەکان مەبەستیانە دروستی بکەن و بچنە ناوی، بریتییە لە هێمای هەوەسە چەپێندراو، مەیل و ئارەزووە نەگوتراوەکان. بەدەربڕینی ئەم جیهانە، مرۆڤ دەتوانێ تەواوی بوونی خۆی بدۆزێتەوە و تێبگات (پیربال: ۲۰۰٦: ۲٦٤)، هەر بۆیەش دەبینین (فرۆید) سوریالیزمەکانی فێرکردووە، کە مرۆڤ لە پلەی یەکەمدا خەوتوو ئاسایە و کەسی سوریالیزم لەسەری پێویستە فێری ئەوە ببێت، بۆ دۆزینەوەی شاکارەکەی و داهێنان کردن تێیدا، رۆبچێتە قووڵایی خەونەوە (هەڵمەت: ۲۰۱۰: ۱٤۰). لێرەدا پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە، کە ئەو خەونەی سوریالیزمەکان هەوڵی بۆ دەدەن و دەیبینن زۆر جیاوازە لەو خەونەی، کە کەسانی ئاسایی لەکاتی خەوتندا دەیبینن، چونکە خەونی سوریالیزمەکان زیندە خەونە، واتە بەتەواوەتی ئەوان خەوتوو نینن، بەڵکو تروسکاییەکی ئاگایی تێدا ماوە. ئەو تروسکاییە دەرفەت بە هونەرمەند بە گشتی و شاعیر بەتایبەتی دەدات بیربکاتەوە و داهێنان بکات، چونکە ئەو کاتە ناوچەی نەست کارا دەبێت و رۆڵی من لاواز دەبێت و رۆڵی ئەو کارا دەبێت و بە ئاسانی کارەکانی ئەنجام دەدات.

ناوچەی نەست ئەو ناوچەییە، کە زیاتر داهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت و بوار زیاتر بۆ دەربڕینی هونەری دەرەخسێنێت، چونکە دەربڕینی هونەری زیاتر بە ناوچەی نەستەوە پەیوەستە وەک لە ناوچەی هەست. لەبەر ئەوەی نەست بەردەوام لە حاڵەتی هەڵچووندایە، داهێنان تێدا نزیکترە وەک لە ناوچەی هەست، ئەمە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە، نەست زۆرترین داواکارییەکان جێبەجێ دەکات (شراد: ۱۹۹۸: ۳۸). ئەویش لەڕێگەی خەونەوە، چونکە خەون دەربڕینێکی– گوزارشتێکی- هێماگەرییە، سەبارەت بە ئارەزوویەک، کە لە جیهانی هەستی و واقیعدا نەهاتۆتە دی، چالاکی هونەریی و ئەدەبیش بە هەمان شێوە (جاسم:۲۰۱۰: ٥٤-٥٥). بەم شێوەیە شاعیری سوریالیزمی زۆرترین خەون دەبینێت، لە ئەنجامدا شتە شاراوە و چەپێنراوەکان دەدۆزێتەوە و لە چوارچێوەی شیعریدا بە چەندین نموونە و بیرۆکەی جیاواز دەریان دەبڕێت، چونکە زۆر سەختە خەون دەربڕی یەک بیرۆکە بێت، بەڵکو دەربڕی چەندین نمو ونەیە (فروید: ۱۹۸۱: ٦۷).

بە سەرنجدان و وردبوونەوەمان لە ناوچەی نەست و خەونی سوریالیزمەکاندا، ئەوەمان بۆ ڕوووندەبێتەوە، کە شیعر چالاکییەکی مرۆڤایەتی پلە یەکە لە نێوانی سەرجەمی چالاکییە مرۆڤایەتییەکاندا و ئەو هێزە بەردەوامەشە، کە دەستەمۆ ناکرێت. بەمەش شیعر هێزی داهێنان و بەخشینی گوزارە و واتای تازەیە بە هەر شتێک لە شتەکان، ئەم کاریگەرییەش مانای دۆزینەوەیە و سروش بە سوریالیزمییەکان دەبەخشێت. بەم شێوەیەش شاعیری سوریالیزمی شۆڕدەبێتەوە ناو ناخی شتە شاراوەکان و پەنهانییەکانی جیهانەوە (هەڵمەت: ۲۰۱۰: ۱٥٦)، بۆیە سوودیان لەو جیهانە وەرگرتووە، داهێنانی هونەرییان ئەنجامداوە، بەتایبەت کاتێک لە ڕیزکردنی وشەکاندا زمانێکی جیاواز و نالۆژیکیان بەکاردەهێنا، ئەمەش لە ڕێگەی خەونەوە، چونکە وێستگەی سەرەکییان بوو، واتە لە ڕێگەی خەونەوە بەرەو جیهانی سەرووی واقیع دەچوون.

مادده و پێکهاتەی ناوچەی نەست بریتییە لە خەون، چونکە لە بنچینەدا خەونەکان پێکهاتەی نەستین، کە لە شێوەی وێنەدا دەردەکەون ( قاسم: ب.سنة: ١٨١). ئەم دەرکەوتنەش بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاشکراکردنی شتە شاراو و پەنهانییەکانە، کە پێشتر وەک کەسێکی ئاسایی شاعیری سوریالیزمی نەیتوانیووە دەریانبڕێت.

**١-٣-٢-جیهانی خەون:**

خەون بنەمایەکی سەرەکی سوریالیزمە، بۆیە گرینگیەکی زۆریان پێداوە، چونکە خەون ئەو ژینگە سەیر و سەراسیمەیە بە ئاسانی وەرزەکان و کەشوهەواکانیت بۆ ناناسرێتەوە، بە ئاسانی ڕووداوەکانی ناویت بۆ ڕاڤە ناکرێن، بە سانایی شوێنکاتەکانیت بۆ دیاری ناکرێن، ئەو حاڵەتە غەریبە ئینسانییەیە کە زۆر جار مرۆڤ خۆشی دەستی لە ڕووداوەکان نییە، دەستی لە نمایشەکان نییە، پێزانی شوێنکاتەکان نییە، لەوێدا زۆر جار شتەکان دەگەڕێتەوە شوێنی خۆیان، مافەکان وەردەگرێتەوە، ئازادییەکان پیادە دەکرێن، تۆڵەکان دەسەنرێتەوە، ئارەزووەکان بەرەڵلا دەبن، دونیایەکە لە خاپوورکردنی واقیع (کە خەونە) بنیات دەنرێ (عەبدولقهاری شێخ: ٢٠٠٢: ٣٠-٣١)، واتە جیهانێک دێ تە ئاراوە، کە خواستی سوریالیزمەکانە و دوورکەوتنەوەیە لە جیهانی هەستی، هەربۆیە (فرۆید) بەشێوەیەکی دەروون شیکارییانە دەروانێتە خەون و دەڵێت: خەون، گەیشتنە بەو شتانەی، کە مرۆڤ لە جیهانی بێداریدا پێیان ناگات (بریتون:١٩٧٨: ٢٢). خەون ئەو جیهانەیە، کە سوریالیزمەکان تێدا هەست بە حەسانەوە دەکەن و دەتوانن بەبێ سانسۆر ئارەزووەکانیان تێربکەن. هەروەها خەونەکان ئەو دونیایەن کە سوریالیزمەکان پێی سەرسام بوونە و بە سەچاوەیەکی بەرهەمدار بۆ مادەی ئەدەبی خۆیان دەزانن، هەروەها بە یەکێک لەو فێڵە گرنگانە دەزانن کە ڕۆحی مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزوو و پاڵنەرەکانی پەنای بۆ دەبات، بەتایبەت ئەوانەی کە سەختن، یان ئەستەمە ل ە جیهانی ڕاستەقینەدا تێر بکرێت (محمد: ٢٠١٣: ٦١)، بۆیە دەکرێت بڵێن خەون، لە لایەک بۆ مرۆڤ بەگشتی ئەو جیهانە پەنهانییە کە تێدا هەست بە جۆرە ئارامیێک و حەسانەوەیەک دەکات، کە زۆر جار لە جیهانی واقیعدا بۆی دەستەبەری نابێت. لەلایەکی دیکەوە بۆ سوریالیزمەکان پێویستییەکی ڕۆحی و داهێنانەیە، چونکە ئەوان دەبێ خەون ببینن بۆ وەدەست هێنانی ئەو جیهانە دەستکردەی لە ئەندێشە و هزری ئەواندا وجودی هەیە (شەوڕۆ: ٢٠١٤: ١٠٣).

سوریالیزمەکان بە چاوێکی بەرزتر لە خەون دەڕوانن وەک لە هەر ڕەگەزێکی دیکەی ئەدەب، هەر ئەمەش وایکردووە، کە سوریالیزمەکان هەرگیز ڕازی نەبن، بەوەی کە ڕەگەزی عەقڵ و هونەر بەسەر ڕەگەزی خەون زاڵ بکرێت (پرهام: ٢٠٠٤: ١٣٠ )، چونکە داهێنانی سوریالیزم لەمەدایە، کە بایەخی خەونی نیشان داوە و هەم لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە و هەم لە ڕ ووی فەلسەفەی میتافیزیکییەوە، بایەخی خەونی بەلای کەمەوە بە ئەندازەی بایەخی بێداری زانیوە (حسەینی:٢٠٠٦: ٢٣٠-٢٣١). واتە چۆن مرۆڤەکان لە جیهانی بێداردا ڕاستییەکان دەبینن، ئەوا ئەوانیش ڕاستییەکان، جوانییەکان لە جیهانی خەوندا دەدۆزنەوە و لەڕێگەی دەقی شیعرییەوە دەیهێننە جیهانی بێداری، خوێنەری پێی ئاشنادەکەن، هەروەک چۆن (برگسۆن) دەڵێت: خەون هاوشێوەی ڕاستییەکی پراکتیکییە (مقدس، امینی: ٢٠١٣ :١٧)، بۆیە شاعیر وەک گەمەکارێکی سەرکەتوو دەردەکەوێت، دیارە ئەمەش پێویستی بە شارەزایی هەیە، چونکە گەمەی شیعری گەمەیەکی سووک و ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە کەسێکی خاوەن ئەزموون هەیە، هەروەها لە خەوندا شاعیر پرسیار ئاراستەی ژیان و کۆمەڵگا و دەسەڵات دەکات، لە ڕێگای ئەم پرسیاکردنەشەوە دەگات بە دۆزینەوەی گەوهەری مرۆڤ (ڕەنجدەر:٢٠٢٤: ٢٤).

**٢- ڕەنگدانەوەی جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم لە دەقی شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)ی سەباح ڕەنجدەردا:**

دەقی شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)ی سەباح ڕەنجدەر بنەما و ئەدگار و جیهانی نەست و خەونەکانی سوریالیزم بەرجەستە دەکات، بەمەش جەخت لەسەر عەقڵی نائاگا و حاڵەتە خەونئاساکان دەکاتەوە.

سەرەتا لە ناونیشانی شیعرەکە دەست پێدەکەین، ئەویش ڕێککەوتێکە، کە ڕەنگە ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراوی شاعیر بکات. بە ئەگەرێکی زۆریشەوە ڕووداوێک دیاردەکات، کە شایانی باسکردن، بیرکردنەوە، یان یادکردنەوە بێت. ئەمە

سروشتی سوریالیزمەکانە، کە لە ڕێکەوت، یان لە ژمارەیەکی تایبەت و دیاریکراودا گرنگی دەدۆزنەوە.
کاتێک ئەم دەقە دەیخوێنیتەوە، هەست دەکەیت چەندین بابەت و مەبەستی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، ناوە ناوە لە بابەتێک بۆ بابەتێکی دیکە بازدەدەیت. سەرتاپای دەقەکەش کۆکەرەوەی هەموویانە. بۆ سەلماندی ئەو قسانەش با بەقووڵی بە ناخی ئەو دەقەیە ڕۆبچین.
سەرەتا شاعیر بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکات و دەڵێت:

ساڵەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٣)

لێرەدا شاعیر سەرنجمان بۆ دوو شتی گرنگ ڕادەکێشێت، یەکێکیان ناتەواوی و بارگرانی کاتە، کاتێک دەڵێت: ساڵەکان ماندوون. ئەوەی دیکەیان دەربڕینی تەواونەکراو، یان هیوا و ئاواتی بەدینەهاتوون، کاتێک دەڵێت: گۆرانی نیوە گوتراون. هەردووکیان بەیەکەوە هەستێکی ناتەواوی و ماندووبوونی شاعیر بۆ کات پێیشان دەدات، هەروەها شاعیر باس لە تەمەن و کۆتا ساڵەکانی ژیانی دەکات و پێیوایە هێشتان زۆر شت ماون بیانکات و بیانڵێت. بە گشتی هەستێکی ناتەواوی و ماندووبوون دەناسێنێت، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی پارچە پارچەیی ئەزموونی شاعیرە بۆ کات، ئینجا شاعیر دەچێتە لەسەر بابەتێکی دیکە و دەڵێت:

دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لەڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم
دارەبازەی بۆنخۆشیشم بەرزبکرێتەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٣)

لێرەدا شاعیر پێشنیازی گواستنەوە لە بەرجەستە بۆ ڕۆحی دەکات، زیاتر تەوەری سوریالیزمی بەزاندنی سنوورەکان لە نێوان حاڵەتە جیاوازەکانی هۆشیاریدا بەهێزتر دەکات. کۆچی ڕۆژی لەدایکبوون دەتوانرێت وەک گەشتێکی ڕەمزی بۆ قۆناغێکی نوێی بوون لێکبدرێتەوە، لە کاتێکدا وێنەی ئەو دارەی کە بەرز دەکرێتەوە بۆ ناو ڕووناکی، پێشنیازی تێپەڕاندنێک لە زەمینییەوە بۆ خودایی دەکات.
شاعیر بەردەوامی بە هێنانەوەی وێنەی شیعری بۆ مەبەستی پێکان و کردنەوەی نهێنییەکانی عەقڵی نائاگا دەدات و دەڵێت:

ئەفسوونێک خەملیوە و میوەکان کۆ دەکەمەوە
لەبارێکی مێش لەخۆشاویان نقووم دەکەم
دەستم بە سۆنگەوە گرت و هەڵبڕی و هەڵمدا (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٣)

لەم پارچەیەدا، شاعیر دوو وێنەی جیاواز بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەوانیش وێنەیەکی ئەفسوناوی لەگەڵ وێنەیەکی واقیعی تێکەڵ دەکات، دەکرێت بڵێن کۆکردنەوەی میوە هێمایەک بێت بۆ دروێنەکردنی کارە باشەکان، یان گەیشتن بەو تێگەیشتنە تازانەی کە دۆزیتییەوە. جگە لەمە شاعیر هاتووە وێنەیەکی خەوناوی سوریالیزمیمان پێدەناسێنێت، ئەویش لەڕێگای مێش، کە هەندێک جار وەک هێمای خراپبوون، یان گۆڕانکاری بەکاردەبردرێت، واتە نقوومکردنی میوەکان لە بارە (مێش)ێکدا، ئاماژەیەک بێت بۆ پاککردنەوە، یان گۆڕینی تێڕوانینە کۆکراوەکانی ئینجا بەرزکردنەوە و تەواوکردنی ئەو گۆڕانانە تا پلەی داهێنان، هەروەها هەوڵی شاعیر بێت بۆ ڕزگارکردن، یان بەرزکردنەوەی نیوە گۆرانییە دەربڕاوەکان، کە پێشتر لە سەرەتای شیعرەکە باسی لێوەکردووە. کۆکراوەی هەموو وێنەکان جەخت کردنەوەی سوریالیزمانەیە بۆ گۆڕینی ژیانی واقیعی بۆ سوپەر واقیع بە پشتبەستن بە نەست.
زۆرجار سوریالیزم بەدواداچوون بۆ تێڕوانینە خولیی و پارادۆکسیکییەکانی بوون دەکات، (ڕەنجدەر)یش لەم دەقە ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە، کە دەڵێت:

دنیا سەرەتایە و ساڵەکانیش پیرەوکەن
شیعر ەزادەیەکی بە خانەکانی خودا ڕەنگاوڕەنگ بووم
بەناو خەڵکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٤)

مەبەستی شاعیر ڕەنگدانەوەی دیدگایەکی ئەبەدی و خولگەیی بۆ ژیانە. ناساندنی شاعیر لەگەڵ دروستکراوی خودایی هێلی نێوان مرۆڤ و خودایی، فانی و نەمر کاڵ دەکاتەوە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامە و بڵێین: شاعیر هەوڵیداوە دوو وێنەی جیاوازی دوو جیهانی دەرەکی و ناوەکی پیشان بدات، کە ئەمەش سروشتی سوریالیزمە. شاعیر ئینجا ڕوودەکاتە بابەتێکی دیکە، ئەویش بابەتی بوونگەراییە، کە باس لە ژیان و مردن دەکات، تێکەڵکردنی هەردوو جیهانی هەست و نەست بەیەکەوە و نەهێشتنی سنووری نێوانیان، ئەویش لەڕێگەی بیرکردنەوە و خەونەوە، کە دەڵێت:

ڕوخسارەکان گرمۆڵە ببوون
مردنیش بەردەوام ڕووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئەتۆمیش
وەک دەمی بورکانێکی دامرکاو دابخەم (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٤)

کاتێک مەسەلەی ژیان و مەرگ دێ تە ئاراوە، بێگومان یاریکردن لەگەڵ زەمەن و ماناکانی زەمەن ئامادەدەبن، کە خۆی لەخۆیدا ئەدگارێکی زیندووی سوریالیزمە؛ هەربۆیە شاعیر پەنای بۆ بردووە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەست و نەستی خۆی دەرببڕێت. ئەوەتا بە بەکاربردنی چەندین دەستەواژەی وەک: (گرمۆڵە ببوون، ڕووی دەدا، کردبووەوە و هاتبووم، دەربهێنم، دابخەم) ئەوەمان پیشان دەدات، بۆ نموونە: کردنەوە (دەرهێنان) و داخستن دوو کاری پێچەوانەن، شاعیر هاتووە بەکارهێناوە دوو مەبەستی زۆر بەهێزی پێدەربڕیوە؛ یەکێکیان نوێکردنەوە و هێنانەئارای بیرکردنەوە تازەیە، کە دەڵێت: (گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم) ئەوەی دیکەیان، داخستن و کۆتایی هێنانە بە بیری کۆنەپەرستی و ئاژاوەگێڕییە، کە دەڵێت: (دەمی بورکانێکی دامرکاو دابخەم).

دوای ئەوەی یاری بە زەمەن دەکات، شاعیر دێت بە هێنانەوەی کۆمەڵێک وێنەی شیعریی، پشتبەستن بە نالۆژیکییەت و تێکدانی بنەما زمانییەکان و دابڕینی واتای وشە لە واتایی ئاساییەکەی خۆی، کە خۆی ئەدگارێکی سوریالیزمیانەی ڕوونە، کە دەڵێت:

تەم ڕێگاکانی گەمارۆ دابوو
نارنجێک بووم
باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیەک
......................
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٥)

لێرەدا لەسەر دوو وێنەی شیعری دەوەستین:

وێنەی یەکەم/ (نارنجێک بووم- باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللةیەک)، شاعیر هاتووە خۆی بە میوەیەکی وەک نارنج داناوە، ئەمەش دابڕینە لە واتای ئاسایی خۆی، هەر ئەمەش نا، بەڵکو هاتووە وشەی نوێشی داهێناوە و وێنە شیعرییەکەی زیاتر پێی بە چێژکردووە، ئەویش (چاڵی گوللة)یە، دیارە بە مەبەست ئەو دەستەواژەی بەکارهێناوە، ئەویش هێمایە بۆ ڕووداو و برینێکی قووڵی شاعیر، کە تەنیا خودی خۆی دەزانێت چییە و لە ئەنجامی چییەوە تووشی ئەو برینە بووە، دەستەواژەی ( دەستڕێژی گوللة، چاڵی قووڵ، چاڵی بە دەرزی، چاڵی ڕوومەت)مان بیستووە، بەڵام

(چاڵی گوللة)مان نەبیستووە، ئەمەش داهێنانێکی دیکەی شاعیرە.
وێنەی دووەم/ (شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان- کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت)، لێرەدا ڕوو لە شیعر دەکات و پێدەڵێت: تۆش هاوشێوەی مرۆڤئاساکانی لە ئازاردان و دەستەمۆکردن دا، منت بەخۆت سەرقاڵکردووە.
ئازادکردنی جیهانی نەست بۆ دەربڕینی ڕاستەقینەی جیهانی ناوەوە گرنگە، چونکە لۆژیک و عەقڵ بە بەردەوامی سەرکوتی دەکەن، لە ڕاستییدا ئەمە جەوهەری سوریالیزمە، بۆیە زۆرجار شاعیری سوریالیزمی بۆ تێپەڕاندنی واقیع و ڕووبەڕووبوونەوەی، پەنا بۆ دەربڕینی شیعریی دەبات و شیعر وەک پەناگەیەک و سەرچاوەیەکی ڕووناکی بەکاردەهێنێت. ئەوەتا ڕەنجدەر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەبڕێت و دەڵێت:

ڕەش و سپی ڕەنگی تەواون و لە چاڵی گوللەیەک
ڕستی بینینیان تێکپەڕی
مەترسیی دڕندەی تاهەتاییان تێپەڕاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد
ئومێدی دووەمیش هێشتان ڕوخساری پیشان نەداوین
پاراوی و ئاشکرا لە خوێنمدا
هەناسەیان لەسەرخۆ خواردەوە
ئەوەیان بینی کە دەیانەوێ (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٦)

شاعیر پەنا بۆ میتافۆڕێکی وەک (ڕەش و سپی) بۆ دووبەرەکییەکانی ڕاستی و ناڕاستی، ئومێد و نائومێدی، ڕوونی و ناڕوونی ژیان دەبات، (چاڵی گوللة)ش وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، قووڵی برینێکی شاعیر دەگەیەنێت، ئەمانە گەواهی دەری ئەوەن، کە ڕاستی و ئومێد و ڕوونی لە دەرئەنجامی ئێش و ئازاراوە دەردەکەون. دۆزینەوەی چەمکی ڕاستی و ئومێد و ڕوونی لەناو شیعردا جەخت لەسەر هێزی شیعر دەکاتەوە، هەم وەک پەناگەیەک و هەم وەک سەرچاوەیەکی ڕووناکی لە بارودۆخە ئاڵۆز و تەمومژاوییەکاندا. شاعیر لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، کە لەگەڵ ئەوەی سەرەتای نوێ بوونی هەیە، بەڵام هێشتا ئەو نائومێدییە و برینە قووڵە بە تەواوی کۆتایی نەهاتووە و سارێژ نەبووە، هەر بۆیە شاعیر بانگەوازی داهێنان و گرنگی نەست دەخاتەڕوو، ئەویش لەڕێگەی دەربڕینی شیعریی بەرجەستە دەبن، چونکە ئەمانە بۆ ناسنامەی مرۆڤ بنەڕەتیین. (ڕەنجدەر) هەر بەمە ناوەستێت، بۆیە دەڵێت:

ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز
ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد
لێ دەگەڕێم مشکی دز بیخوا
چاوەڕوانیی و بێزارییم کەمتر دەبن (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٧)

سروشتی سوریالیزمەکان، گەڕانە بەدوای ڕاستی لە نێو جیهانی نەست و خەونەکان، دیارە (ڕەنجدەر)یش ئەو کارەی ئەنجامداوە، کاتێک هاتووە کردەیەکی فیزیکی وەک (پەنجە لەسەر کاغەز)ی گرێداوە، بە بارێکی خەوناوی وەک (ڕاوکردن لە گۆمی لێڵدا) دیارە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ گەڕان و ڕوونکردنەوە لەناو سەرلێشێوایدا، لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی گەڕان بەدوای مانادایە لە ئاوە تاریکەکانی خەوندا. هۆکاری ئەم کارەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوە، کە دەڵێت:

دەشمەوێ خەونەکانم زوو بگرم
نەوەک سەریان لەبن باڵی شکاوی
نائومێدیی بنێن و لە دەستم دەرچن (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٧-٨)

خواستی زوو گرتنی خەونەکان بەلای شاعیر، پەیوەندی بە کاریگەری لە دەستبەسەرداگرتنی ساتەکانی ئیلهامبەخشی هەیە، کە زوو تێپەڕ دەبن. بۆیە دەستەواژەی (نەوەک سەریان لەبن باڵی شکاوی، نائومێدیی بنێن و لە دەستم دەرچن)

بەکاردێنێت، لێرەدا شاعیر پێیوایە بەدواداچوون بۆ خەونەکان دەبێت لە نائومێدییەکانی ڕابردووەوە دەست پێبکات و هەر بەویش ببەسترێتەوە بۆئەوەی واقیعی نوێ سەرهەڵبدات. ئەمەش ئەوە پیشان دەدات، کە بانگەواز بۆ وێنەیەکی لە دەستچوو دەکات.

شاعیر لە خستنەڕووی ئەو وێنانەی لای سەرەوە، ئەوەمان پێدەڵێت؛ کە لە ئەدەبیاتی سوریالیزمیدا زۆرجار شاعیران ئاڵینگاری بارە ئاساییەکان دەکەن و خوێنەران لەوە ئاگادار دەکەنەوە، کە پەیوەندی نێوان ئومێد و دابڕان بخەنە لەژێر پرسیارەوە. شاعیر بەردەوام دەبێت لە وێناکردنی هەست و نەستی خۆی و دەڵێت:

قتووی دەرمانەکانم لەسەر پشتی ئەسپی

نیگا گوڵاو دانا

سروودی مەستان لە حاڵیان پرسیم (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٨)

بە کەسایەتیکردن، جۆرێکی وێنەی شیعرییە، شاعیر هاتووە بەرجەستەی کردووە، کاتێک دەڵێت: (قتووی دەرمانەکانم لەسەر پشتی نیگا گوڵاو دانا)، ئەم وێنەیە دەکرێت بڵێین ئاماژەیەکە بۆ گەڕان بەدوای چارەسەری لە نێو ئاژاوەی بووندا. هەروەها (سروودی مەستان)یش هێمایەک بێت بۆ هەردوو باری خۆشی و ناخۆشی، کە لە سروشتی مرۆڤایەتی هاوبەشن و لە هەردوو جیهانی نەست و خەونەکان ئامادەییان هەیە. شاعیر درێژە بە دەربڕینەکانی دەدات و دەڵێت:

پێم لە عارد خشاند و لە میانەی دوو خەون

بووم بە ڕووەکخۆر (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٨)

شاعیر بە کرداری خشاندنی پێی لە زەویدا، خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ ناو ئەزموونێکی هەستیار و لە میانەی خەونەکانی ئاماژە بۆ جوڵانەوەی واقیعەکان لە نێو خۆیاندا دەکات. چەمکی (بوون بە ڕووەکخۆر) وەک میتافۆرێک بەکاریهێناوە بۆ گەڕان بەداوی ڕاستی بوون، هەروەها وەکو هێمای ئومێدخوازی بۆ پاکی و سادەیی لە ژیاندا، ئەمەش زیاتر سروشتی سوریالیزمیەکانە بۆ بەرزکردنەوەی ناسنامەی خودی. ئەوەتا شاعیر ئەو ڕاستییەمان پیشان دەدات و دەڵێت:

باڵندەش بەهەوام پەڕوباڵیان گرت

وێنەی منن ڕژاونەتە باخچە گشتییەکان

بە سینگی ئارامەوە هەناسە دەخۆنەوە

لە ڕووداوی لەدایکبوونم ڕازیم (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٨)

شاعیر پێیوایە، باڵندەکان سوودیان لە ئەزموونی ئەو وەرگرتووە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆح، چونکە باڵندە زۆرجار هێمای ئازادی و تێپەڕاندنە، ڕژانیان بۆ ناو باخچە گشتییەکانیش، جەخت کردنەوەیە لە ئەزموونە هاوبەشەکان لە جوانی سروشت و ژیاندا. هەناسەدانی ئارامی سنگ، ئاماژەیە بۆ بوونێکی هاوسەنگ و ڕەسەن. دواتر شاعیر سوپاسگوزاری خۆی دەردەبڕێت بۆ ڕێکەوتی لە دایکبوونی، کە ئەویش ئاماژەیەکە بۆ شاعیربوونی خۆی و ئەو ئاستەی کە پێیگەیشتووە.

پابەند نەبوون بە خاڵبەندی، یەکێکە لە ئەگارەکانی سوریالیزم، دیارە (ڕەنجدەر)ش ئەم ئەدگارەی زۆر بە زەقی پەیڕەوکردووە، نەک ئەمەش بگرە لەنێو دەربڕینەکانیشیدا داوا لە خاڵبەندی دەکات، واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بهێنێت، ئەمەش مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوەیە، کە دەڵێت:

شیعرەکانم دڵسۆزمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین

داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بێنێت

ئێستا هەر ئەوەندەم لەسەرە

لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هەوێنی ئاسوودەیی نامەیێت (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٨)

ئەو داواکارییەی شاعیر، دەکرێت جەختکردنەوەیەک بێت لەسەر گرژییەکی بوونگەرایی، چونکە گەڕانی هێماکانی خاڵبەندی بەدوای ڕستەکان، ئاماژەیەکە بۆ یەکگرتوویی لە جیهانێکی پڕ لە کێشە و گێژاودا، بەڵام ئامانجی سوریالیزمەکان ئەوەیە مانای لەسەر لێشێواوی بدەن. لە کۆتایی (ڕەنجدەر) پێیوایە، هەر ئەوەندەی لەسەر ماوە قەناعەت بکات، کە ئیتر پێویست ناکات بترسێت و دڵنیاش بێتەوە، کە هەوێنی ئومێد و کامەرانی نامەیێت، بەڵکو دەبێت گەشبین بێت، بەوەی کە هیوا و ئاواتەکان زوو، یان درەنگ هەردێنە دی؛ هەر بۆیە بڕیار دەدات، بەمشێوەیەی خوارەوە کۆتایی بە شیعرەکە بێنێت و بڵێت:

ژیان دەپارێزم و سەیری ئەو دەستانە دەکەم
کە گوشیومن بۆ تەوقە
لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم
بوومەتە گۆی زەوی بە چواردەوری هەمووواندا دەسووڕێمەوە
تاج و ئەڵماسی واقوڕمانێکی هەمیشەیین
مانگ دەبینم دەژی
ئەسپی کێوی یەکەم گزنگ
دەخاتە سەرپشتی و دێتە سەرەتای ڕێگا
دەپرسێ خودا ئاسمانی بۆ باڵندە یان فڕۆکە ڕۆشنکردووە
شیعریش نقێمی ئەنگوستیلە ڕۆشندەکاتەوە
هەنگاوی ورچی عۆل و حەپۆڵی پێ تێکدەدا (ڕەنجدەر:٢٠٢٠: ٩)

شاعیر لەم کۆتاییەیدا، چەندین وێنەی شیعریی تێکەڵکردووە و کۆمەڵێک بابەتی پەیوەست بەیەکتری کردووە، یەکێک لەو وێنانە ئەوەیە، بەیەکەوە بەستنی کردەی پاراستن و پشکنین و دڵنیابوونە لەو پەیوەندییانەی ئەنجامیداون. ڕەنگە خواستێک بێت بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندی و ئەزموونانەی، کە پێیدا تێپەڕیووە، کاتێک دەڵێت: (ژیان دەپارێزم و سەیری ئەو دەستانە دەکەم- کە گوشیومن بۆ تەوقە). لە وێنەیەکی دیکەدا بابەتی مردن وبیرکردنەوە لە بوون لە دەرەوەی مردن، لەگەڵ بابەتی ژیان و سروشتی سوڕانەوەیی بەیەکەوە گرێداوە، ڕەنگە تێڕامانی شاعیر بێت بۆ ژیان و مردن، لەهەمان کاتیشدا ئاڵنگاریەک بێت بۆ خوێنەر، کە بیر لە بوون بکاتەوە، لە دەرەوەی مردن. دیارە ئەمەش هۆشیارییەکی ئەزموونداری شاعیرە، کە وەک گەڕانی سوریالیزمێک بۆ نائاسایی لەناو ئاساییدا، کاتێک دەڵێت: (لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم-بوومەتە گۆی زەوی بە چواردەوری هەمووواندا دەسووڕێمەوە- تاج و ئەڵماسی واقوڕمانێکی هەمیشەیین).

شاعیر هەر بەمە ناوستێت، بەڵکو دێت بابەتێکی ئایینی و بابەتێکی ئەفسانەیی لە چوارچێوەی دەقەکەیدا کۆدەکاتەوە، کاتێک دەستەواژەی (نقێمی ئەنگوستیلە) بەکاردەهێنێت. نقێمی ئەنگوستیلە ئەمە هێزێکی ئایینی و تەنانەت ئەفسانەیشە، دەلالەت لەلایەک بۆ پێغەمبەر سلێمان و ئەنگوستیلەکەی دەستی کە خودای گەورە وەک موعجیزەیەک پێیەخشی بوو، دەیتوانی زۆر شتی باوەڕ پێنەکراوی پێ بکاتن، لەلایەکی دیکەوە ئەمە خەونێکی سوریالیزمییە لە قاڵبێکی ئەفسانەیە، لە ڕووی هێزی جادوویەوە، ئەگەر پاڵەوانی ئەفسانەکان کەرەستە و هێزی جادوویان هەبێت بۆ گۆڕین و ڕۆشنکەرەوەی ژیان و جیهان، یان ئەگەر حەزرەتی سلێمان ئەنگوستیلەی ئیلاهی هەبێت، ئەوا ڕەنجدەری شاعیر هێز و جادووی وشە و زمانی ئێستێتیکایی و واتایی قووڵی شیعری بۆ ڕۆشنکردنەوەی جیهان و کۆمەڵگا پێیە.

لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین ئەم شیعرە دەقێکی فرە ڕەهەندە، چەندین بابەت لە خۆدەگرێت، لەهەمان کاتدا گەڕانێکی قوڵی

سوریالیزمانەیە بۆ (ئومێد، بوون و مردن، شوناس و ناسنامە....هتد)، لەڕێگەی هێماگەری خەون ئامێزی و بەکەسایەتیکردن و تێکدانانی بنەما زمانییەکان وێنەیەکی دەوڵەمەند لە ئەزموونی کەسی شاعیر پیشان دەدات.

**ئەنجامەکان:**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین:

١-(سەباح ڕەنجدەر) وەک یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی قۆناغی ئەمڕۆی شیعری کوردی، گرنگییەکی زۆری بە جیهانی نەست و خەون لە دەقە شیعرەکەییدا داوە و توانیوویەتی ئەدگارەکانی سوریالیزمیش لەو دەقە بەرجەستە بکات.

٢--شیعری( ١٩٦٥/١١/١٨) دیمەنێکی ئاڵۆزی وێنەسازی دەخاتەڕوو, کە لەگەڵ ئەدگار و بنەما سوریالیزمیەکاندا هاوتەریبە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە عەقڵی نائاگا و حاڵەتەکانی خەونەوە هەیە. بەمەش وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکەی داوەتەوە.

٣- ئەو دیمەنە نەستییانەی لە شیعرەکەدا هەن، خوێنەر بۆ گەڕانێکی خەوناوی لە واقیعدا بانگهێشت دەکات، شیعرەکە بەناو گۆڕانکارییە عیرفانییەکان و گێژاوی ناوەوە و سروشتی خولگەیی ژیان و مردندا دەڕوات و هەوڵی سوریالیزمی بۆ تێپەڕاندنی واقیعی ئاسایی و گەڕان بەدوای قووڵاییەکانی عەقڵی نائاگاییدا بەرجەستە دەکات.

٤-شاعیر لەم دەقە شیعرەدا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی داهێنەرانەی لە زمان، جیهانی نەست و خەون، ئەدگارەکانی سوریالیزمدا سوودی وەرگرتووە و گونجاندوویەتی بۆ خستنەڕووی دیدگا و ئەزموونە ناوازەکانی.

٥-بە گشتی شیعری ( ١٩٦٥/١١/١٨) وێنەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە هەستێکی قووڵی سوریالیزمییانە پیشان دەدات، لە هەمان کاتدا بانگهێشتی ناڕوونی دەکات. لە ڕێگەی هێماگەریی خەوناوی و چەمکە ئەبستراکتەکانەوە دەبێتە تابلۆیەکی دەوڵەمەند کە ئەزموونی کەسی و دەستەجەمعی مرۆڤ دەبەستێتەوە وەک لە ئاڵۆزییەکانی ناو هۆشیاریدا ڕەنگدەداتەوە.

**سەرچاوەکان:**

یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

١-کتێب:

- بەکر، د.محەمەد(٢٠٠٤)، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.
- پرهام، سیروس(٢٠٠٤)، ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.
- پیربال،د.فەرهاد(٢٠٠٦)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە: هەولێر.
- جاسم، ثامر حسن(٢٠١٠)، توێژینەوەی سایکۆلۆژی لە داهێنانی شیعریدا، وەرگێڕانی: حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.
- حسەینی، ڕەزا سەید.(٢٠٠٦) قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- حسێن، هیمداد(٢٠٠٧)، ڕێبازە ئەدەبییەکان،چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای موکریانی: هەولێر
- حەسەن، ناڵە (٢٠١٢)، چەمکە دەروونییەکان و دەقی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال:سلێمانی.
- ڕەنجدەر، سەباح(٢٠٢٠)، سەرەتا وشەبوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران: تاران.
- ڕەنجدەر، سەباح (٢٠٢٤)، ئەزموون و شیعری بێگەرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی: دهۆک.
- ١شەمیسا، د.سیروس (٢٠١٨) ،ڕێبازە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی: هیمداد حوسین و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر: هەولێر.
- شەوڕۆ، فازیل (٢٠١٤)، ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا، خانەی چاپ و پەخشی ئەکادیمیا: هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئەحمەد مەحموود (٢٠١٣)، سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، چاپخانەی بینایی: سلێمانی.
- عومەر، د.موحسین ئەحمەد (٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی: سلێمانی.
- عەبولقەهاری شێخ (٢٠٠٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پێشەوا: هەولێر.
- گارا (٢٠٠٥)، هونەری شێوەکاری مۆدێرن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر.
- مەلا ساڵح، حەکیم (٢٠١٦)، زمان و بیرکردنەوەی شیعری، چاپخانەی ڕۆشنبیری: هەولێر.

- مەنتك، محەمەد (٢٠١١)، سورياليزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس: هەولێر.
- هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٠)، لە دادایزمەوە تا سوریالیزم، چاپخانەی لەریا: سلێمانی.

٢- گۆڤار:

- دوین، ئادز، (١٩٩٧ )، ئەدەبی سوریالیزم لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە، وەرگێڕانی: ئامانج عوسمان حەمەد، وەرگێران، ژ (٢).
-ساڵەیی، معتصم ، (١٩٩٨ )، سوریالیزم، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٨).

٣- ڕۆژنامە:

-ساڵح، مەجید، (٢٠٠٣ )، دادایزم و ڕێبازی یاخی بوون، برایەتی، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە (٣٠١٧).

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:

١-کتێب:

- بريتون، اندري (١٩٧٨)، بيانات السوريالية، ت: صلاح برمدا، منشورات وزارة الثقافة و الأرشاد القومي: دمشق.
- شراد، د.شلتاغ عبود (١٩٩٨)، مدخل الى النقد الآدبي الحديث، الطبعة/ الآولى، دار مجد للنشر و التوزيع، عمان: الآردن.
-فرويد، سيجموند فرويد(١٩٨١)، الهذيان و الأحلام في الفن، ت: جورج طرابلس، الطبعة/ الثانية، الدار الطلبية: بيروت.
- قاسم، د.عدنان حسين (ب.سنة) ،الابداع و مصادرة الثقافية عند أدونيس، دار العربية للنشر و التوزيع: مصر.
- كاروگ، ميشال (١٩٧٣)، اندرية بريتون و المعطيات الأساسية للحركة السريالية، ت: ألياس بدوي، منشورات وزارة الثقافة: دمشق.
-محمد، سرور حسن ( ٢٠١٣)، ملامح سريالية في أدونيس و صباح رنجدر،،مطبعة الحاج هاشم: أربيل.

٢-گۆڤار:

-مقدس و اميني، ابو الحسن امين و ادريس (٢٠١٣ )، "ملامح السريالية فی الشعر أدونيس، مجلة جمعية العلمية الأيرانية اللغة العربية و آدابها، العدد ( ٢٨).

سێیەم/ سەرچاوەی ئینگلیزی:

- Caws, M., (2019), The Surrealist Look: An Erotics of Encounter, MIT Press.
- Fijalkowski, K. And Richardson, M., (2016). Surrealism: Key Concepts, 1st Edition, Routledge

**عالم المعنى كمبدأ للسريالية في نص قصيدة (18/11/1965) صباح رنجدار**

**شرمين ابراهيم عزيز**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين. اربيل,إقليم كوردستان,العراق
Shrmen.azeez@su.edu.krd

**الملخص**
كانت السريالية، كحركة ظهرت في أوائل القرن العشرين، تهدف إلى تحرير الفكر واللغة والخبرة الإنسانية من حدود العقلانية. في حين تطور تأثيره في أوروبا في ثقافات وتقاليد أدبية مختلفة، فإن الأدب الكردي، وخاصة نوع أدبي مثل تاريخه الغني وهويته اللغوية والثقافية المختلفة، لم يحرم من هذه الحركة. ومن الجيد أن يكون هناك موازاة، وخاصة تلك المتعلقة بالعقول اللاواعية والأحلام. من ناحية، استخدم الشاعر استخدامه الإبداعي في اللغة وعالم العاطفة والأحلام، وتكيف مع آرائه وتجاربه الفريدة. ولذلك رأينا من الضروري أن نستعرض في هذا البحث المعنون (عالم الشعور كمبدأ للسريالية في نص قصيدة صباح رنجدار (1965/11/18)).

**الكلمات المفتاحية:** السريالية، الإحساس، الحلم، صباح رنجدار ، فوق الواقع

**The World of Sense as a Principle of Surrealism in the Text of Sabah Ranjdar's Poem (18/11/1965)**

**Sharmen Ibrahim Azeez**
Department of Kurdish language, College of Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Shrmen.azeez@su.edu.krd

**Abstract**
Surrealism, as a movement that introduced itself in the early twentieth century, aimed to liberate human thought, language, and experience from the limits of rationalism. While it began in Europe, its influence has spread worldwide in different cultures and literary traditions. Kurdish literature, especially a genre such as poetry with its rich history and different linguistic and cultural identity, has not been deprived of this movement It proves that it presents a complex scene of imagery, which is well in line with the adgars and principles of surrealism, especially those related to the unconscious mind and dream states Sharing his unique perspective and experiences. Therefore, we thought it necessary to review this article in this research entitled (The world of feeling as a principle of surrealism in the text of Sabah Ranjdar's poem "18/11/1965"). to embody in the text.
**Keywords:** surrealism, sense, dream, Sabah Ranjdar, beyond reality.